**خۆری تۆ**



هاوار طيب

هەر تۆ لە کەنارا نیت
هەر تۆ تەنیا نیت،
هەر تۆ بەجێماو نیت.
هێشتا دەرگاکان ماون
دابخرێن،
هێشتا پەنجەرەکان ماون
تاريك ببن،
هێشتا نەسیمێك ماوە بۆ وتن!
هێشتا مەحەبەت بەتەواوی
لای تۆ ون نەبووە و
دەرگای تر دەکرێنەوە،
خۆرێکی گەشتر لە نەسیمیی بەیانیاندا هەڵدێ،
کە پڕمان دەکاتەوە لە ڕوناکی و گەرمی خۆی.